## زانیاریی زیاتر بۆ کەسانی بەشدار لە لێکۆڵینەوەکەدا

**زانیاری لەسەر لێکۆڵینەوەی FinMONIK**
ڕێکخراوی تەندروستی و خۆشگوزەرانیی (THL) لێکۆڵینەوەی FinMONIK ڕێکدەخات. بە هەڕەمەکی 13600 کەس کە لە دەرەوەی فینلەند لە دایک بوون و دایک و باوکیان فینلەندی نین هەلبژێردراون. زانیارییەکانت لە نوسینگەی تۆمار وەرگیراون.

لە لێکۆڵینەوەکەدا زانیاری باوەڕ پێکراو لەسەر خۆشگوزەرانی و تەندروستی، کار و توانای کار، خزمەتگوزاریەکان و ئەزموونەکانی دانیشتوانی بیانی لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانە کۆدەکرێتەوە. جگە لەوە زانیاری لەسەر کار و ڕێگرەکانی دۆزینەوەی کار و هەروەها ئەگەر ڕوی دابێت ئەزموونەکانی هەستکردن بە جیاکاری داوا دەکرێت. بە کەڵک وەرگرتن لەو زانیارییانە دەتوانین گەشە بە توانایی کار و چالاکبوون و تەندروستیی دانیشتووانی بیانی بدەین و خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەوپێش ببەین.

خەرجی لێکۆڵینەوەکە لە لایەن وەزارەتی کار و دابینکردنی ژیان (TEM)، شارەدارییەکان و خەزێنەی خۆگونجاندنی یەکیەتی ئەورووپا (AMIF) دابین دەکرێت. ئەو زانیارییانە بۆ گەشەپێدانی تەندروستی و خۆشگوزەرانی، چاکسازی کردن لە خزمەتگوزارییەکان و بۆ بەدواداچونی خۆگونجاندن پێویستن. ئاکامی لێکۆڵینەوەکە ساڵی 2019 بڵاو دەکرێتەوە.

**وەڵامەکانت گرنگ و متمانە پێکراون**
لە هەمو قۆناخەکانی لێکۆڵینەوەکەدا بە متمانە و بە پێی یاسای زانیارییە کەسییەکان کار لەسەر زانیارییەکان دەکرێت. لە فۆرمی لێکۆڵینەوەکاندا زانیارییە کەسییەکان دیارنابن و لە جیاتی ئەوان ڕەقەمی لێکۆڵینەوە بەکار دەهێنرێت. لەو زانیارییانەی وەردەگیرێن ناتوانرێ کەسایەتیت بناسرێتەوە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا وەڵامی بەشدار بووان و کەسایەتییان ناناسرێتەوە. لێکۆلەرەکان بە پێی یاسا ئەرکی بە نهێنی هێشتنەوەی زانیارییەکانیان لەسەرە. ئەو زانیاری و بابەتە ئەسڵیانە کە بۆ لێکۆڵینەوەکە کۆ دەکرێنەوە لە ڕێکخراوی تەندروستی و خۆشگوزەرانی بۆ داییم هەڵدەگیرێن. بە پێی زانیاریەکانت بەخشینی ئاسایی زانیارییەکان ناکرێن و هیچ کاتێک زانیارییەکانت نادرێنە دەرەوەی یەکیەتی ئەورووپا و ناوچەی ئابووری ئەورووپا.

دەتوانیت هەر کاتێک بتهەوێ لە بەشداری کردنت لەو لێکۆڵینەوەیەدا پەشیمان بیتەوە ئەو کات دەبێ بە لێکۆلەری بەرپرس یان بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکە ڕاگەیەنیت. زانیارییەکانی پەیوەندی پێوەگرتنی ئەو کەسانە لە ناو ئەو نامەیەدا کە بۆت هاتووە، هەیە.

**پەیوەست کردنی زانیارییەکان بە تۆمارەکان**
ئەگەر بێتوو **ڕەزایەت بدەیت** لە لێکۆڵینەوەکەدا دەتوانرێ ئەو زانیارییانەی لە تۆمارەکاندا لەسەر بەڕێزت هەن بەکار بهێنرێن. ئەو زانیارییانەی لە تۆمارەکان وەردەگیرێن ئەوانەن: لە تۆماری ڕێکخراوی تەندروستی و خۆشگوزەرانی (زانیاری وەرگرتن لەسەر چارەسەری نەخۆشییەکان، سەردانەکان و چارسەری بە نەشتەرگەری)، لە ئیدارەی خانەنشینی نەتەوەیی ( زانیاری لەسەر هاوکاری و قەرەبووەکانی کە وەریان دەگری)، لە نوسینگەی ئامار (زانیاری لەسەر خوێندن و پیشە، باری سۆسیۆ ئێکۆنۆمی و هۆی مردن)، لە بنکەی بیمەی خانەنشینی (زانیارییەکانی خانەنشینی، چالاکییەکانی چاکبوونەوە و پەیوەندییە کارییەکان)، لە بەڕێوەبەرایەتی باج (زانیارییەکانی باجدان) نووسینگەی تۆماری کۆمەڵگە (ناو، کات و شوێنی لە دایکبوون، نێوونیشان، جینسییەت، باری بنەماڵە، زمانی دایکی و نەتەوە)، لە وەزارەتی کار و دابینکردنی ژیان (زانیاری لەسەر کار کردن و چالاکییەکانی کار دۆزینەوە). بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارییانە لە هەر تۆمارێک بە جیا داوای ڕێگەپێدان دەکرێت.

ئەو زانیارییانەی لە تۆمارەکان بە ڕەزایەتنامەی خۆت وەردەگیرێن و لە لێکۆڵینەوەی FinMONIK دا بەکار دەهێنرێن بریتین لەوانەی خوارەوە:

| تۆمار | زانیاریەکان |
|---|---|
| **THL**<br>بنکەی تەندروستی و خۆشگوزەرانی | لە تۆماری زانیارییەکانی تەندروستی (HILMO)دا، زانیاری لسەر نەخۆشیە دەستنیشان کراوەکان و نەشتەرگەرییەکان (لە ماوەی 1994 تا 2023)<br>لە تۆماری تەندروستی سەرەتایی (AvoHilmo)دا زانیارییەکانی ماوەی 2011 تا 2023،<br>لە تۆماری شێرپەنجە زانیاریی شێرپەنجە دەستنیشان کراوەکانی ماوەی 1953 تا 2023،<br>لە تۆماری زانیاری پشکنینە بە کۆمەڵەکان (زانیاریەکانی ماوەی 2004 تا 2023ی خانمانی بەشدار لە لێکۆڵینەوەی FinMONIK) بۆ نموونە ئایا کەسەکە بەشداری لە پشکنینە درێژخایەنەکان دا کردوە یان نا.<br>زانیاریەکانی ناو تۆماری منداڵە لە دایک بووەکان (لە ماوەی 1987 تا 2023)، زانیاری وەک ساڵی لەدایک بوون و زانیاری کۆنترۆڵەکانی دووگیانی و کاتی بوونی منداڵ.<br>زانیارییەکانی ناو تۆمارەکانی لەبارابردن (لە ماوەی 1983 تا 2023) ئایا هیچ منداڵی لەبار بردوە یان نەزۆک کراوە، کەی کراوە، زانیاریەکانی ناو تۆماری نەزۆک کردن (لە ماوەی 1987 تا 2023).<br>زانیاریەکانی ناو تۆماری نەخۆشییە گواستراوەکان (لە ماوەی 1980 تا 2023) وەک هیڤ (HIV)، هەوکردنی جگەر (هێپاتیت) نەوعی A وB وC ، سفلیس، مالاریا و ڕووداوەکانی سیل،<br>زانیارییەکانی ناو تۆماری دابین کردنی ژیان (لە ماوەی 2006 تا 2023). |
| نوسینگەی ئامار | زانیاری لەسەر خوێندن و پیشە، باری سۆسیۆ ئیکۆنۆمی و هۆی مردن (لە ماوەی 2010 تا 2023) |
| **KELA**<br>لە ئیدارەی خانەنشینی نەتەوەیی | زانیارییەکانی بیمە، هاوکاری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، هاوکاری پێ ڕاگەیشتنی ئەو کەسەی خانەنشینی وەدەگرێت، زانیارییەکانی چاکبوونەوە، زانیاریی نێو تۆماری مافی وەرگرتنی هاوکاری بۆ دەرمانە تایبەتەکان، لە ناو تۆماری ڕەچەتەکان<br>لە چارەسەری ئەو نەخۆشیانەی لە ناو (نوسخەکان) زانیاری لەسەر ئەو دەرمانانەی دا زانیاری نەتەوەیەک دا باون بەکار هێنراون، لە تۆماری هاوکاریی کاتیی نەخۆشی لەسەر ماوەی کاتی نەخۆشی و هۆیەکانی ئەو (لە ماوەی 2010 تا 2023). |
| **VRK**<br>نووسینگەی تۆماری کۆمەڵگە | باری بنەماڵە، پێشینەی هاوسەرگیری، دانیشتوانی تری ناو ماڵەکە، ڕادەی دانیشتوانی ناو ماڵەکە، ڕادەی دانیشتوانی ژێر تەمەنی ئاسایی ناو ماڵەکە (لە ماوەی 2010 بۆ 2023) |
| **TEM**<br>وەزارەتی کار و دابینکردنی ژیان | زانیارییەکانی بێکاری (کۆدەکانی داوای کارکردنی کەسی بێکار و گۆڕانکارییەکان) زانیارییەکانی کەسی داواکاری کار (زانیارییە سەرەتاییەکان، خوێندن، نەخۆشییە دەستنیشانکراوەکان) و چالاکییەکانی دۆزینەوەی کار (فێربوونی کار، پیشە داواکراوەکان، تەمرینەکانی کار، هەڵسەنگاندنی توانایی کار) و گۆڕانکارییەکان. (لە ماوەی 2010 تا 2023). |